حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب . کارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەکان

حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية الإدارة و الموارد البشرية

ژمارە: ١٥٨٨٦ / ٩ / ك
(ISO 9001:2015)
العدد:
ڕێکەوت: / / ٢٧ کوردی
التأريخ: ٩ / ٦ / ٢٠٢٤

# بەیانی ژمارە ( ٨ ) ی ساڵی ٢٠٢٤

## هەمواری دووەمی بەیانی ژمارە (ای ساڵی ٢٠١٨) تایبەت بە دابەزاندنی دەسەڵاتەکان بۆ پارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارەسەربەخۆکان

دوابەدوای بەیانمان ژمارە (ای ساڵی ٢٠١٨)ی تایبەت بە دابەزاندنی دەسەڵاتەکان بۆ پارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان کە لە ژمارە (٢٢٠ لە ٢٠١٨/١/٢٤)ی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاوکراوەتەوە و هەمواری یەکەمی بەیانی ژمارە (ای ساڵی ٢٠١٨) بە بەیانمان ژمارە (٣ی ساڵی ٢٠١٩) و لەبەر بەرژەوەندی گشتی .

**بڕیاردرا بە: هەموارکردنی بەیانی سەرەوە بەم شێوەیەی خوارەوە :-**

**یەکەم :** زیادکردنی بڕگە (٣١) لە دەسەڵاتە کارگێڕییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :

(٣١. دانانی ئەفسەران و فەرمانبەران لە پایەکان بە پێی میلاک و پەیکەری ڕێکخستنی پەسەندکراوی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان دەبێت ڕەچاوی پلەی سەربازی و وەزیفی و ئاستی خوێندن بە تایبەتی بۆ لێپرسراوی بەشەکان بکرێت کە نابێت خوێندنیان لە ئاستی بڕوانامەی دبلۆم کەمتربێت،سەبارەت بە بەشەکانی ژمێریاری و وردبینی دەبێت پسپۆڕی ژمێریاری هەبێت،لە حاڵەتی نەبوونی دەرچووی بەشی ژمێریاری ئینجا دەرچووی پەیمانگە یان ئامادەیی بەشی ژمێریاری دابنرێت).

**دووەم :** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

__وێنەیەک بۆ :__

- وەزارەتی داد/ ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان/ بۆ بڵاوکردنەوەی تکایە لەگەڵ ڕێزدا
- گشت پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم/ بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا
- پارێزگای هەڵەبجە/ نوسراوتان ژمارە (٤١٧/١ لە ٢٠٢٤/٢/١٩)بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی دیوان / بۆ زانین لەگەڵ ڕێز
- ب.هەماهەنگی و بەدواداچوون.
- بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان.
- پلاندانان _ خۆیەتی
- خولاو.


ناونیشان: هەرێمی کوردستان-عێراق
العنوان: إقليم كوردستان-العراق
Address: Kurdistan Region-Iraq
ئیمەیڵ:info@moi.gov.krd
ژ.تەلەفۆن:٠٦٦٢٢٩٧٣٧٣-٠٦٦٢٢٩٧٢٧٢
www.moi.gov.krd
27/ 05/ 2024
( Burhan )